Kurdistan.net کوردستان نێت

# KURDSTAN NATIONAL CONGRESS - KNC

## kongra Nîştmanîya Kurdistan

## کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

### بەرێزان لە ناوەندی هەڵەبجە
### دژ بە ئەنفالکردن و جێنۆسایدی گەلی کورد (چاک)

لەگەڵ سلاوی ئازادی و سەرخۆبوون.

سوپاس و رێز و پێزانینی خۆمان ئاراستەتان دەکەین، بۆ هەوڵ و تێکۆشینی بێوچانتان، لەمەڕ ناساندنی تاوانبارانی ئەنفال و جێنۆسایدکردنی گەلی کۆیلە و ستەملێکراوی کورد.

دادگەییکردنی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە دادگەی ولاتی هۆڵەند، لە کات و رۆژانێکدا بەرێوە دەچێت کە بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی دڕندەی بەعسی عێراق، لە سەروویانەوە سەددامی خوێنخۆر، لە نێو زینداندا چاوەڕێی لێپرسینەوە و، ئەنجامەکانی دادگەییکردنیان دەکەن.

لەدوای گیرانی سەددام و کاربەدەستانی دیکەی رژێمەکەی، دەبوو خۆپێشاندانی گەورەی جەماوەریی، بە پاڵپشتیی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانەوە ئەنجامبدرایە، چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوە و، کورد، بە یەکدەنگ داوای بەسزای سەختگەیاندنی هەموو تاوانبارانی بکردایە. دەبوو لە قوتابخانە و خوێندنگە و زانستگەکانمان، تێکڕای کارەساتەکانی بەسەر کورد هاتوون، وانەی نێو پەرتۆکەکان بوایەتن. گەر گەلێک، کارەسات و تاوانەکانی بەسەری دێن، بە هێند نەگرێ و لەبیری خۆی بباتەوە، ئەو گەلە، گەلێکی هۆشیار نییە و، ئامانج و بەرژەوەندیی خۆی ناناسێ.

ئەم هەنگاوەی ئێوە و ئەم ئەرکە نەتەوەییەی دەستانداوەتێ، بێگومان لە باوەڕی بەرز و پیرۆزی ئێوەوە سەرچاوە دەگرێ و هومێدی ئەوە دەخوازین، لە کار و تێکۆشینتان بەردەوام بن تا ئەو رۆژەی گەلی کورد بە ئازادی و سەربەستیی شاد دەبێ و، تێکڕای خاکی پیرۆزی نیشتمان لە پۆستاڵ و لەشی نگریسی داگیرکەران پاک دەکرێتەوە. دەبێ لەو پێناوەدا گەرموگوڕتر، تێبکۆشین، تاکو کاربەدەستانی خوێنڕێژی ئێران و سووریا و ترکییەش، لەداهاتوودا، وەک کاربەدەستانی رژێمی بەعسی ئێراق، بدرێنە دادگە و بەسزای تاوانەکانیان بگەیەندرێن.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، پشتیوانی و هاوکاریی خۆی لە ئێوە و لە نێوەندەکەتان دەردەبڕێ و ئامادەی هەرجۆرە یارمەتیدان و هاوکاریکردنێکتانە.

هەر شەکاوەبێت ئالای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان

کۆنگرەی نیشتمانیی کورستان
٢٢ / ١١ / ٢٠٠٥

KNC
Postbox: 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway
Telefax: 0047 - 22 75 30 95
Mobile: 0047 - 93 83 99 53

www.knc.org.uk
post@kncscandinavia.com
www.kncscandinavia.com
www.rojavatv.org.uk